# پرسیارەکانی رەشەبا

**ئەرکان حەسەن**

سلێمانی

هەموو رۆژێك،

وەختێ لەماڵ دێیتە دەرێ..

ئەو كوكوختییە خەواڵوانە هەڵئەفڕێنم

لەهێلانەی سەر عەمودەكانەوە

دەست ئەخەنە سەر ستارەو

لە گزنگی تۆ ئەڕوانـــــــــــــــــــــــــــــــــن!

لاسایی ئەو پەپولە پیرانە ئەكەمەوە

سەربازئاسا

قاچ ئەكێشن بە زەوییداو

سلاّو بۆ رۆشناییت ئەكەن!

سەرنج دەدەم:

دیوارەكان چۆن دائەچـــــــــــــــــــــــن؟

چۆن باگردێن بیین ئەگرێت و

بە وشكیی بان ئەكوتێتەوە؟

چۆن شێتەكەی پارنـــــــــــــــــــاپێرار؟!

هالاّوی خەندەت تێئەگرێ،

چۆن گەلاّكان لەتاو جوانییت

ناپەرژێنە سەروبەندی پرسیارەكانی رەشەباو

دانەدانە بەرئەبنەوە؟

Arkan-r@hotmail.com